# تارای باران .. شەقامی تارمایی.. دۆت کۆم

نەژاد عزیز سورمێ

**چ دەبێ ئەگەر هەموویان بڕۆن؟**
**وازیان لێ بێنە.. من دەمێنمەوە**
**بە دەریا بەر فراوانەکاندا دێم**
**ئاسمانی بێ پایان تەی دەکەم**
**بێ دڵشکاوی، بێ شکایەت،**
**دێم گۆرانی بچڕم..**

یانیس ڕیتسۆس

## (1)

**مەترسە! کۆڕ گەرمە، شانۆ ماندوو**
**هەور باڵیان**
**بەسەر شار و گوندان دەکوتن**
**مەترسە! دەستت بێنە!**
**خۆشەویستی دڵنیاییمان دەداتێ..**
**خۆشەویستی لە خەمی بێ چاووگ و سەرچاوەمان دەپارێزێ..**
**مەترسە!**
**خۆشەویستی لە دیواری ماندوو**
**لە سەعاتی هەناسە سوار و**
**کەوشەنی گومڕاییمان دەترازێنێ..**
**مەترسە!**
**ئیتر ترس لە دەفتەرە زەردهەڵگەڕاوەکانی مێژوودا جێگەی نییە..**
**مەترسە! بێ گومان بای وادە**
**پیاسەیەکمان هەر پێ دەکا**
**زۆر لەو سەفەر و گەشتانە خۆشتر**
**دەزگاو سەندیکاکان بۆ هەوادارانیانی ڕێک دەخەن..**



مەترسە! ئەگەر پەڵەیەک هەور و
چەند گەزێ خۆر و
شەرەنگی دواساتمان
لە شــەقــامــە بە جـریوە ڕەنگاوڕەنگەکـانەوە دەست
نەکەوت..

(2)

(وەرە ئازابە/ مـرۆڤ/ لە بەرابەر مـرۆڤدا../ ئاخـری/
لاوک و / حـەیران و / هۆرە و/ سیـاچەمـانـەم/ بینی/
بەناو/ یەکتر/ کەوتبوون../ من/ ڕەخشم/ پێ نەبوو/
گۆرانییـەکی کـپکراو/ هاوارێکی بێدەنگ/ بەدەردی/
چی/ دەخوا؟/ شەقامی تاریک/ دیواری کوێر...؟/)

پەردەی پەنجەرەم لە سەرمان هەڵدەلەرزێ..
پایزێکی درەنگ بوو
لەگەڵ گەلگامش پێکەوە بووین؛
دۆسیەی بارانمان دەخوێندنەوە
کە لەسەر شۆستەدا داوای تەسکەرە و
ناسنامەیان لێ کردبوو... توورە ببوو..
لەوێیای دەتدی
چەند گۆرانی، چەند ئاواز
چەند ئەستێرەی داڕژاو و
پارچەی مانگ پێشێل دەکران..
لەوێیای، بەتایبەتی
بۆنی مێلاقە و ئەرخەوانت دەکرد
گوێت لە پێخوستی بوولێڵ و
زرنگەی تارای زیوین دەبوو..
لەوێیای
بە ڕێژنەیەک فرمێسک سەوز دەبوویەوە..
ئای لە نەرمە خوناوان،
ئای لە سەدایێ پایزێ..
لە باوبۆرانی زستانێ..

(3)

(شـیـرین قــەد/ پەشـمـی ئاودامـان/ دەپۆشێ./بڵـێی/
دنیا/ ئەوە نەبێت دەیبینین؟/ئاگری شوانان/ لە/ دوور
ڕا/ دیار/ بـوو.. لاڤـــــایی/ تاوی/ بـۆ/ دەهـێـنـاین/
نەقشی/ ناسۆر/ بوو/ لە سنوورانیـان / دەکێشـا../
دڵم/ دەڵێ/ پێدەکەنی../)
دەستم  بگرە.. مەترسە!

خەمی وایەرە تێکئاڵاوەکانت نەبێ
گوڵەکانی مافوور چاویان لە کلاوڕۆژنە بریوە..
(هیوا)ی شێت
(ئومێد)ی لەعنەتی..
پیاڵەیەکی پڕ
لەو دیو ڕۆژگاری گلاراو چاوەڕێمانە..

شوباتی ٢٠٠٧